## سەرۆكایەتی و ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

## لەنێوان بەجێگەیاندنی ئەرك و دەستگرتن بە ئیمتیازاتەوە

ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادیدا تێدەپەڕێت کە درێژکردنەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی بە نادەستوری داناو لەئەنجامدا بەبێ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت کۆتایی بەتەمەنی خولەکە هات و هەرێم کەوتە بۆشایی یاساییەوە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت شوێنەوارەکانی بڕیارەکە سەبارەت بە ماف و ئیمتیازات نەک جێبەجێ نەکراوە بەڵکو چەندین پێشێلکاریش ئەنجامدراوە، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی دەبوایە ئەزموونی لێ وەربگرن.

یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان یاسادانانە، ئەو یاسایانەی دایدەنێت هاوڵاتیان و دامودەزگاکانی تری وڵات مولزەم دەکات جێبەجێی بکەن، لەهەمان کاتدا ئەرکێکی تری چاودێری کردنی دەسەلاتی جێبەجێکردنە لەوەی تا چەند پەیوەستبوونە بەیاساوە یا پێشێلکاریان کردووە، لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات. بەڵام بەداخەوە خولی پێنجەمی پەرلەمان سەرباری ئەوەی لەساتی ئاسایی خولەکەدا کەمترین ئەرکە یاساییەکانیان ئەنجامداوەو زۆرترین پێشێلکاری یاسایی و پەیڕەویان کردووە، دوای تەواو بوونی ماوەی یاسایی خولەکەش دەستبەرداری ئیمتیازەکانیان نەبوون و بەشێوەیەکی نایاسایی درێژەیان پێداوە، لەلایەن دەسەڵات و دامەزراوەکانی تریشەوە یا پشتگیری کراون، یا بێدەنگی هەڵبژێردراوە لە ئاستیاندا، دەتوانین لەم خاڵانەدا چڕیان بکەینەوە:

یەکەم: وەرگرتنی موچە بە شێوەی نایاسایی: دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم بەپێی بڕیاری دادگەی ئیتیحادی لە (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە وەک پەرلەمانتار نەمان و کۆتایی بە خولەکە هاتبوو، بەڵام بۆ ماوەی هەشت مانگ موچەو ئیمتیازاتی پەرلەمانتاریان وەرگرتووە، کە هەر یەکێک لە پەرلەمانتارەکان بە تێکڕا بڕی زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دیناریان  بە زیادەو بەنایاسایی وەرگرتووە، کە کۆی گشتی دەکاتە (٤.٢٦٥.٥٠٠.٠٠٠) چوار ملیار و دووسەد و شەست و دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار، لەو کاتەدا چەندین یادداشتمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و دامەزراوەکانی تر نارد، بەڵام بێدەنگیان هەڵبژارد و بەردەوامبوون لەسەر ئەم پێشێلکارییە و هیچ ئیجرائاتێکیان نەکرد، کەچی ئێستا ژمارەیەک لەو پەرلەمانتارانە خۆیان کاندیدکردۆتەوەو بەڵێنی ئاڵ و والا بە هاوڵاتیان دەدەن گوایە ئەو موچە خوراوانەیان بۆ دەگێڕنەوە کە بە نایاسایی لێیان براوە، لەکاتێکدا خۆیان بەنایاسایی هەشت مانگ لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان موچەیەیان وەرگرت و بۆ خەزێنەی گشتیان نەگێڕایەوە.

دووەم: یەکێک لە بیانووەکانی حکومەت و وەزارەتی دارایی گێڕانەوەی موچە نایاساییەکاندا کە بە پەرلەمانتاران درابوو، پێیانوابوو چونکە موچەکە دابەشکراوە وەرگرتنەوەی ئاسان نیە، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان بۆ کردن کە لەساتی خانەنشینبوونیاندا ئەو ئیکرامیەی بڕیارە پێیان بدرێت رابگیرێت و بڕی ئەوپارەیان لێ بگێڕنەوە، پێیان باش بوو، بەڵام دیسانەوە پەیوەست نەبوون و نەک نەیانگێڕایەوە ئەوەتا لەم هەفتەیەدا بڕی (٥٢) ملیۆن دینار ئیکرامیە بۆ هەر یەک لە پەرلەمانتارەکان خەرج کراوە.

سێیەم: لە دوای بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادییەوە هیچکام لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران خەسلەتی یاساییان نەماوەو هەر بۆیەش دەبوایە هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی بەو ناوەوە وەریاندەگرت لێیان رابگیرێت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت زۆرینەیان شوققەو خانووەکانی پەرلەمانیان چۆل نەکردووەو بەکاری دەهێنن.

چوارەم: ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دوای تەواو بوونی ماوەی یاساییان ڤیلاکانی پەرلەمانیان چۆل نەکرد، ئۆتۆمبێلەکانیان رادەست نەکردەوە، پاسەوان و فەرمانبەرانی پەرلەمانیان بۆ خزمەتی خۆیان لە حزبەکانیاندا بەکار دەهێنا، (لەم هەفتەیەدا سکرتێر ڤێللا و ئۆتۆمبێلەکان و جێگری سەرۆکیش ئۆتۆمبێلەکانی رادەست کردەوە بەڵام هێشتا ڤێللاکانی رادەست نەکردۆتەوە)، سەبارەت بە سەرۆکی پەرلەمان تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ کام لە ڤێللاکان و ئۆتۆمبێلی رادەست نەکردۆتەوە، جگە لەمانە تەنانەت ئەندام هەبووە لە دەستەی سەرۆکایەتی نەک هەر خۆی بەڵکو (هاوسەر)ەکەیشی کە هیچ پەیوەندییەکی بە

پەرلەمانەوە نەبووە، کەچی لە ماوەی پێنج ساڵ و نیوی رابردوودا ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای پەرلەمانی لابووە، بەکاری هێناوەو لەم هەفتەیەدا دوای فشارێکی زۆر لێی وەرگیراوەتەوە!

پێنجەم: پێنج کاندید کە دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی پەرلەمان سوێندی یاساییان خواردبوو، تەنها سێ مانگ لەماوەی نایاسایی پەرلەماندا وەک پەرلەمانتار دەستبەکار ببوون، بەنایاسایی هەوڵی خانەنشینکردنیان درا، هەرچەندە وەک دامەزراوەی پەی لە راپۆرتێکدا رای گشتیمان لێ ئاگادار کردەوەو لەمبارەیەوە نوسراوی فەرمیمان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێ و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی کرد و بڕیاربوو پرۆسەکە رابگیرێت، کەچی لە ئێستادا جارێکی تر نوسراویان بۆ کراوەتەوەو ئەنجوەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی خەریکی خانەنشینکردنیانن!

پەندێکی کوردی هەیە دەلێت "ئەگەر خەڵک شێت بن دەچن بۆسەر ئۆمەرمەندان، بەڵام ئەی ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بوو بچێت بۆ کوێ؟"، پەرلەمانیش لە بری ئەوەی رێگری لەئەنجامدانی کاری نایاسایی بکات، کەچی خۆی زۆرترین یاساشکێنی کردووەو لەسەریشی بەردەوامە! حکومەت لەبری ئەوەی خاوەنی ئەو پەیامەبێت کە هەڵی گرتووەو باسی چاکسازی دەکات، کەچی رێخۆشکەر و هاوکار و جێبەجێکارە لەم دۆسیانەی بەشێوازی گەندەڵی بەڕێوەدەچن. لێرەدا پرسیارێک رووبەڕووی سەرۆکی حکومەت دەبێتەوە کە هەمیشە وتوویەتی کابینەی نۆیەم کابینەی چاکسازییە! دەکرێت پێمان بڵێت ئەو هەموو گەندەڵی و لەیاسادەرچوون و بەهەدەردانانە لەکام بڕگەی چاکسازیی کابینەکەیدان؟ دەکرێت جێگری سەرۆکی حکومەت پێمان بڵێ ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنەکەی کردیان و دەیکەن لەگەڵ کام بەڵێن و کام بڕگەی بانگەشەی ساتی هەڵبژاردنەکانیدا دێتەوە؟ دەکرێت وەزیری دارایی پێمان بڵێت ئەو کارەنایاسایی و رێخۆشکردنانەی بۆ گەندەڵی لەگەڵ کام لە پرەنسیپەکانی بزوتنەوەکەی (بزوتنەوەی گۆڕان)دا وێک دێنەوە؟ هەموو ئەو کارانەی دەکرێن نایاساییین و هیچ کەس و دامەزراوەیەکیش نیە لێپێچینەوەو رێگرییان لێ بکات، لەچەند مانگی رابردوودا دامەزراوەی پەی بەفەرمی چەندین یادداشتی لەبارەی هەریەک لەم دۆسیانە پێشکەشی دامەزراوەکانی (دیوانی چاودێری دارایی) و (دەستەی دەستپاکی) و (داواکاری گشتی) کردووە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام ئەم دامەزراوانە لەبری ئەوەی ئیجرائاتی پێویست بکەن و رێگربن لێیان، بەداخەوە هیچ کامیان لەئاست ئەو ئیلتیزامە یاسایی و مۆڕالییەدا نەبوون کە سوێندیان لەسەری خواردبوو و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستان، هەر بۆیەش هەموویان بێدەنگیان هەڵبژارد و متەقیان لێوە نەهات!

رەوشەکە مەترسیدارە، هەرێمێک لەبۆشایی یاساییدایە، قەیرانی دارایی و بێ موچەیی بەرۆکی گرتووە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ دەوروبەر و بەغدا هەیە، موچەی فەرمانبەرانی لەکاتی خۆیدا نادرێت و دەیان موچەیان پاشەکەوت کراوە، بوونی ناعەدالەتی و یاساشکێنی و گەندەڵیش لەولاوە بووەستێ، ئەمە لەکاتێکدایە هەڵبژاردن لەبەردەمدایە، ئاخۆ ئەگەر هەڵبژاردن نەبووایە چی دەگوزەرا؟ هەرچەندە هەڵبژاردن بۆ چەند مانگێکیش دواخرا، بەڵام خۆ هەر دەبێت بکرێت، هەموو ئەمانە هاوڵاتیان توڕەتر دەکەن، لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە لەسەر کۆی هێزە سیاسییەکان پێویستە هەڵوەستەیەک بکەن و بەخۆدابچنەوەو رێز لە یاسا بگرن. بەپێچەوانەوە داهاتوویەکی نادیاری مەترسیدار چاوەڕێی خۆیان و هەرێمەکەمان دەکات.

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٤/٥/٣٠**

Address: Iraq- Kurdistan region- Al-Sulaimanaiyah- Salim Street- Shameer Building. / Erbil-Runaky Street- Runaky Building. www.payinstitute.org – Facebook.com/payinstiute. Email: payinstitute@gmail.com / sarwary74@yahoo.com / Mobile: +9647701564576 / +9647715620829